# وەزارەتی پەروەردە لە بەردەم داهاتوویەکی نادیاردا

## عوسمان کاروانی

لە هەموو دونیادا وەزارەتی پەروەردە گرنگیی خۆی هەیە و لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە وەزارەتەکانی تر بایەخی زیاتری پێ دەدرێت، چونکە ئەگەر کۆمەڵگەیەك مامۆستای باش و قوتابیی سەرکەوتوو و قوتابخانەی مۆدێرنی نەبێ، ناتوانێ پشت بە جیلی نوێ ببەستێ بۆ ئەوەی نەوەکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵگە بگرنە ئەستۆ، بەڵام لە کوردستانی خۆماندا بە پێچەوانەی هەموو دنیاوە هەنسکی پڕ لە فرمێسکاوی هەڵدەڕێژرێ بۆ مامۆستا و قوتابی و ئەو شوێنەی کە ناوی خوێندنگەیە، چونکە هەریەکە لە روویەکەوە بە سەدان کەم و کورتیی تێدایە و چارەسەریش لە شوێنی خۆیدا وەستاوە و جورئەت ناکات دەست بۆ هیچ یەکێ لەم سیانە بەرێت.

زۆرێك لەو مامۆستایانەی کە ئێستا لە ناوەندەکانی خوێندندان کەسایەتییەکی زانستیی سەرکەوتوو نین و نەیانتوانیوە بەو شێوەیەی کە پێویستە خەمی قوتابیان بخۆن و چارەسەری گرفتەکانیان بکەن و ببن بە هاوڕێی قوتابییەکانیان و لە کاتی کێشەکانیاندا نەرمونیان بن، هەروەها مامۆستایان نەیانتوانیوە لەو پسپۆڕییەی کە خۆیان هەیانە بەدوای شتی نوێدا بگەڕێن، تا نەوەستن بەدیار مەنهەجێکی دیاریکراوەوە.

ئەڵبەتە کەس بۆی نییە ناحەقی ئەم مامۆستایە بگرێ، چونکە کاتێ کە لە پۆلدا وانە دەڵێتەوە بیر لەوە دەکاتەوە سەری مانگ کرێ خانووەکەی چۆن بدات، پارەی نەوتی زستانی چۆن دابین بکات! لەم بێ کارەباییەدا مۆلیدە چۆن دابین بکات و بەنزینەکەی لە کوێ بێنێ.. ئەمە ئەگەر خێزاندار بێت، خۆ ئەگەر مامۆستایەکی زگورت بێت بیر لەوە دەکاتەوە بەم (157000) دینار مووچەیە چۆن و بە چی پاشەڕۆژێك بۆ خۆی بنیات بنێ! یان ئایا ئەم برە پارەیە لە ئاست پێداویستییەکانی ئەم رۆژەدایە تا ئەو دەروونێکی تر پێویستی بەوە هەیە لە بژێویی ژیان بکاتەوە، ئینجا دەتوانێت بیر لە ئاستی خوێندن و قوتابی بکاتەوە، خۆ ئەگەر حکومەت بیر لە بژێویی مامۆستایان بکاتەوە و مووچەیەکیان پێ بدات کە پێویستیان بە کارکردنی تر نەبێ، ئەوکاتە جێی خۆیەتی گەر مامۆستایەك کەمتەرخەمیی کرد بە جددی لێی بپرسێتەوە. نزیکەی (15) ساڵە کورد دەوڵەتداری دەکات، تا ئێستاش نەیتوانی وەك پێویست دەستنیشانی زامەکان بکات و چارەسەریان بۆ دابنێت، بەڵکو بەردەوام لە کێشەکاندا لەسەر توێ تێنەپەڕیوە و نەیانتوانیوە بچنە ناوەڕۆکەوە.

خۆ ئەگەر گوزەرانی مامۆستا ئاوا بڕوات، ئەوا پەروەردە لەم وڵاتەدا چارەنووسی نادیارە و دەبێ بۆ ئەمساڵی خوێندن یەکێك لە ریکلامەکانی راگەیاندن ئەوە بێ :(کێ دەیەوێ مامۆستایی بکات، با بێت ناوی خۆی بنووسێت)، هەروەك چۆن ئەمساڵی رابردوو لە قەزایەکدا رووبدا، پێم وایە ئەمساڵ وا بڕوات ریکلامەکە زۆر شوێنی تریش دەگرێتەوە.

بێگومان کە گوزەرانی مامۆستا ئاوا بێت، بە دڵنیاییەوە قوتابیش وەزعی خراپتر دەبێت، چونکە سەیری ناوەندەکانی خوێندن بکەی زۆرێك لەو قوتابییانە بۆ فێربوون نەهاتوون، بەڵکو بۆ دەرچوون هاتوون تا شەهادەیەك وەربگرن و پێی ببن بە زابتێکی دەرەجەدار یان پلەی پۆلیسییەکەی پێ بەرز ببێتەوە، بۆیە گەر سەیری بکەی لەم دوو ساڵەی رابردوودا ژمارەیەکی باش لە قوتابیانی رۆژ بەرەو قوتابخانەکانی ئێواران دەچن.

خۆ ئەگەر سەیری ناوەندی خوێندن بکەی ئەو شوێنە کە قوتابی لە شەوو رۆژێکدا (4-6)ی سەعاتی تێدا بەسەر دەبات، هیچ سیفاتێکی شارستانی و پەروەردەیی تێدا نییە! من دەپرسم لە چ قوتابخانەیەکدا هۆڵی کتێب خوێندنەوە هەیە؟ ئەمە بەهەرحاڵ... گەر بە ناوەندی خوێندنی رەوا نەبینن! ئەی لە چ قوتابخانەیەکدا ئاو هەیە؟! ئەی لە چ قوتابخانەیەکدا هۆیەکانی فێنککردنەوە و گەرمکردنەوە وەك پێویست هەن؟! ئەی لە کام قوتابخانەدا کورسییەکانی دانیشتن لە کورسیی قوتابخانەکانی دنیا دەچن؟! یان لە کام قوتابخانەدا ژمارەی قوتابییەکان (25) قوتابییە و بە ئیسراحەت مامۆستا وانەکەی دەڵێتەوە..؟ ئەم وڵاتە زۆر سەیر بیر دەکاتەوە! لە پۆلێکدا (65) قوتابیی تێدا بێت و لەسەر کورسییەك دانیشتبن کە بۆ سەرەتایی دروست کراوە، بەڵام پۆلی شەشی ئامادەیی لەسەری دادەنیشێت، لەم پۆلەدا دەبێ چی فێر ببێت و چۆن بێت!

ئەوەندەی بەندە ئاگادار بێ ژمارەی قوتابی لە پۆلەکاندا ساڵ بە ساڵ زیاد دەکات، چونکە هەموو ساڵێك ژمارەی قوتابی زیاد دەکات، بەڵام ژمارەی قوتابخانە زۆر بەکەمی زیاد دەکات.

ئەمە جگە لەوەی کە پیادەی مەنهەجێك دەکرێت کە لە سەردەمی رژێمی بەعسەوە گۆڕانێکی وای بەسەردا نەهاتووە، لەم سەردەمی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەدا کۆمپیوتەری قوتابخانەکانمان تۆزیان لە سەر نیشتووە، هێڵی ئینتەرنێتیش هێشتا نەگەیشتووە، مەنهەجی خوێندنەکەشمان ئەوەیە کە هەموو لا دەیبینێ و، پێویست ناکات هیچی لەسەر بڵێم.

یان ئایا زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان دەتوانن ئەم رێژەیەی قوتابیانی دەرچووی شەش لەخۆ بگرن؟ یان ئایا ئەمساڵ کە هەزاران قوتابیی سەرەتایی زیاد دەکات، بەرنامە هەیە بۆیان؟! من وا هەست دەکەم کۆسپەکانی بەردەم وەزارەتی پەروەردە زۆر گرانن، بە تەنها وەزارەتێك چارەسەر ناکرێت، دەبێت حکومەت هەر لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تا دەگاتە وەزیری پەروەردە لە غەمی ئەو قۆناغە نوێیەدا بن، ئەمەش بەوە نا تەنها بێنە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و بڵێن بەرنامەی نوێمان پێیە و مەنهەج وا لێ دەکەین و وا دەکەین و وادەکەین! بڕواتان بێ لە قسە تێرمان خواردووە، چاوەڕوانی کرداری ئێوە دەکەین، چونکە پێش ئێوە خەڵکی تر هاتن سەرەتا زۆر بە گەرمی باسیان لە پرۆژەکانیان دەکرد، کە چی هیچی وایان پێ نەکرا، لە ماڵئاوایی وەزارەتەکەیدا کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرا، سەرجەم کەم و کورییەکانی خستە سەرسەر و خۆی و خوار خۆی و خۆیشی وەك وەزیرێکی زۆر سەرکەوتوو وەسف کرد!

هیوادارین ئەم وەزارەتە نوێیە لە حکومەتی هەرێمدا بە کۆمەڵی پرۆژەی بنیاتنەرەوەماڵئاوایی بکات و ماموٚستایان ئەسەڤ بـۆ بخۆن لە کاتی لادانیدا نەك چاوەڕێ بن کەی لابرێت.